# دژایەتی سەرسەختی پارتی لەگەڵ ئازادی!

**جەمال موحسین**

jamal_muhsin@yahoo.com

هەروەک چۆن سەرەتا کە د. کەمال سەید قادر ڕفێندرا، پارتی بێدەنگەی لێ کرد وە ملی بەوە نەئەدا، ئێستاش سەرەڕای ئەوەی خوشکی د. کەمال ڕایگەیاند کە دکتۆر بە 30 ساڵ زیندانی سزا دراوە، هێشتا پارتی لە هیچ شوێنێکی فەرمیەوە دانی بەوەدا نەناوە و وەزیری مافی مرۆڤ لە گفتوگۆیەکی تەلەفونی پاڵتاڵکدا وای ڕاگەیاند کە ئاگای لە شتی وا نیە!

سەرەتا ئەوە بڵێم کە ئەو حوکمە (گەر ڕاست بێت) گەورەترین تاوانە بەرامبەر بە ئازادی بیروڕا ئەکرێ. بە پێی یاسای کوێ و لە چ شوێنێکی دنیادا حوکمی وا ئەدرێت بەسەر کەسێکدا کە جنێوی دابێت؟ هەموو ئەزانین کە ژیانی دەسەڵاتە ڕەشە دیکتاتۆری و تۆتاڵیتارییەکان بەندە لەسەر کوشتنی ئەو کەسانەی نارەزایەتی بە دەسەڵاتیان دەرئەبڕن و دەنگی موخالیفن. ئەم هەنگاوەی پارتی بە چ پێوانەیەک لە هەنگاوەکانی حوکمێکی ئەوها جیائەکرێتەوە؟ کێ لە بەرپرسانیان وە لە کادرەکانیان___کە شتێک لەسەر مێژووی دەسەڵات و ئەحزابی دیکتاتۆری بزانێت___ گەر بەراوردێک بکەن لە نێوان ئەم هەنگاوەی ئەمان و ئەو جۆرە حوکمانەدا، ئەتوانن خۆیان بە ئازادیخواز دابنێن؟ مەگەر خۆیان هەڵخەڵەتێنن یان خەڵک بە هاژ و هوژی دیموکراسی و ئازادی کەڕ بکەن! لە کامە برگەی یاسایی ئەو وڵاتە دیموکراسیانەی دنیادا کە ئەوان بە نموزەجی خۆیان تەماشایان ئەکەن خەڵک لەسەر ئەوەی جنێو بدات بە سەرۆک حوکم ئەدرێت؟ لەو وڵاتانە زۆر جار ئەبینین کە خەڵک هێلکەی پیس و تەماتە ڕزیو ئەگرێتە سەرۆک و سەرۆکی پەرلەمان و... دەستگیریش ناکرێن. یان ئەوپەڕی گەر دەعوا لەسەر ئەو کەسە تۆمار بکرێت و بسەلمێنرێت کە سووکایەتی شەخسی بە کەسێک کردووە، ئەو کات غەرامە ئەکرێت نەک زیندانی! بەهەرحاڵ من مەبەستم لەوە نیە کە دەسەڵاتی پارتی زۆر دیموکراتیکە و پێویست ئەکات بە بڕیارەکەدا بچێتەوە و گوایە ئەمە لەگەڵ پێوانە دیموکراسیەکانی ئەواندا نایەتەوە. من هەرگیز دەسەڵاتی ئەوانم بە دیموکراتیک نەزانیوە و داوام لە کەسیش نیە لەو چاوەوە بڕوانێت. سەلماندنی ئەوەش ماندووبوونێکی زۆری ناوێت و تەماشاکردنی 15 ساڵی دەسەڵاتیان لە کوردستان گەورەترین سەنگی مەحەکە. ئەوان کە شوێنێک تەوق بکەن پێش ئەوەی خەڵکی نارازی تیا کۆبێتەوە بۆ ئەوەی خۆپیشاندان دژ بە گەندەڵی دەسەڵاتەکەیان بکەن، چ تەوەقوعێکی ئازادیان لێ ئەکرێت؟ ئەوان کە نەهێڵن هیچ دەنگێک لە دژیان بەرزبێتەوە، چۆن دژی ئازادی نین؟!........

بیانووی پارتی ئەوەیە کە د. کەمال جنێوی داوە. من خۆم لەگەڵ جنێو و سوکایەتی بە هیچ کەسێکدا نیم و ئینسان ئەتوانێت ڕەخنەی تەواوەتی و قووڵ لە بیروبۆچوونی کەسەکان و دەسەڵاتەکان و ئەحزابەکان بگرێت بێ ئەوەی هیچ سووکایەتیەک بە ئینسانەکانی تر بکات. بەڵام من پێم وایە ئەم ووشەی "جنێو" ە وەک لاستیک وایە و ئەکرێ زۆر بکشێنرێت. باشە "جنێو" چیە؟ پێناسەی "جنێو" لای پارتی و ئەو حزبانە چیە؟ ئایا ڕەخنەگرتن لە پارتی و دەسەڵاتەکەی کە لەسەر بنەمای گەندەڵی و ڕاووڕووت دامەزراوە "جنێو" ە؟ ئایا ڕەخنە لەوەی کە بنەماڵەی بارزانی دەسەڵات و کۆمەڵگایان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە "جنێو" ە؟ ئایا داواکردنی ئەوەی وە کارکردن بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ئەوان بخرێتە لاوە و ژیانێکی تر بۆ خەڵک دەستەبەربکرێت "جنێو" ە؟ ئایا گەر کەسێک بیەوێت بڵێت ئەو حزبانەی کوردایەتی وە سەرکردە و ڕەمزەکانیان بە نیسبەت ژیانی خەڵک هیچ نین "جنێو" ە؟ ئایا دانانی ئەحزابی ناسیۆنالیستی بە ئەحزابی قەومی_عەشیرەتی "جنێو" ە؟ مەگەر ئەوان پەنایان بەهەرچی عەشیرەتەوەیە نەداوە و بە ئەحکامی عەشائیری مامەڵەیان لەگەڵ خەڵک نەکردووە؟

هەرچۆنێکە، ئەمەوێ لێرەدا نموونەیەک بهێنمەوە. من ماوەیەک لەوەوبەر کە مەسعود بارزانی بە "سەرۆکی کوردستان" دانرا بەسەر خەڵکەوە، ووتارێکم نووسی لە ژێر ناوی 'مەسعود بارزانی سەرۆکم نی‌یە'. هەندێ کەس کە ئەم بابەتە لە دڵی دابوون و سەر بە پارتی بوون، بە ناوی جیا جیاوە بە ئیمەیڵ کۆمەڵی تەشهیر و قسەی ناشرین و جنێویان بۆ ناردبووم. من ئەڵێم ئەوەی کە من ئەو بە سەرۆکی خۆم نەزانم وە بە هی خەڵکیشی نەزانم چ "جنێو" ێکی تیایە؟ وە خودی پارتی بۆ ئەو کەسانەی ئەو ئیمەیڵانەیان ناردووە چ سزایەک دائەنێ؟ من پێم وایە بە پێی تەرازووی "دادگا" کەی پارتی، من ئەبێ حوکم بدرێم و ئەوانیش مەدالیا وەرگرن و سەربەرزی‌یان بۆ تۆمار بکرێت!

من پێم وایە مستەفا بارزانی هیچی بۆ خەڵکی کوردستان نەکردووە! ڕاستە ئەو سەرکردەیەکی بزووتنەوەی کوردایەتی بووە و ڕەمزی ئەوانە. ڕاستە ئەو لە مێژوودا زۆر ئەم ووڵات و ئەو ووڵاتی کردووە و ویستویەتی پشتیوانیش بۆ بزووتنەوەکەی بەدەست بهێنێت، بەڵام هیچ یەکێک لەوانەی بۆ قازانجی خەڵکی "کورد" نەبووە. ئەوەی ئەو بۆی ماندوو بوو، هەر ئەوە بوو کە خۆی وەک خێزانی بۆرژوازی کورد لە سەروەت و سامانێکی زۆرتر و زۆرتر بەهرەمەند بێ. بۆ ئەوە بووە و ئەوەیە کە ئێستا کوڕ و کوڕەزاکانی بە دەستیانهێناوە، ئەو پارە و پول و سەروەتەیە کە پێکیانەوە ناوە. ئەوەی ئەو بۆی "ماندوو" بوو بۆ باش بوونی ژیانی خەڵک نەبوو. هەرچی سات و سەوداکانی لەگەڵ ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتدا وە تەنانەت سات و سەواداکانیان لەگەڵ ڕژێمی بەعس، لە پێناوی بردنی پارە و بەرهەمی کۆمەڵگا بووە بۆ خۆیان. هەمیشە "کورد" لەلایەک بووە و ئەوان و دەسەڵاتەکەشیان لە لایەکی تر بوون. بەهەرحاڵ باسەکەم ئەمە نی‌یە و تەنها ئەوانەم وەک نمونە لە ڕاگەیاندنی بیروڕای خۆم هێنایەوە. من باوەڕم وایە سەبارەت بە بارزانی یان هەر ڕەمزێکی تری بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو قسانەش لەبەرئەوەی سەبارەت بە بارزانین، بە "جنێو" دائەنرێن؟

من دیسان ئەوە دووبارە ئەکەمەوە کە لەگەڵ جنێودانددا نیم، بەڵام بەڕاستی با بزانین جنێو فەرهەنگی کێیە؟ یەکێتی و پارتی لە کاتی شەڕی ناوخۆدا چی‌یان بە یەک نەکرد و نەووت؟ لە ڕادیۆکانیانەوە کە مینبەری ڕەسمی‌یە ناشرینترین قسەی سووک و جنێویان بە یەکتر، بە ئەندامانی سەرکردایەتی یەکتر، بە خێزانی بەرپرسەکانیان.... ئەووت! تا بەوجۆرە دەماری ئەندامان و چەکدارەکانیان بگرن و بەرەو بەرەکانی شەڕەکانیان ڕاپێچیان بکەن. بەهەرحاڵ ئەوە فەرهەنگی خۆیانە و ئەبێ پێشبینی ئەوە بکەن کە خەڵکێکیش پەیدا ئەبێت و ئەو قسانەی خۆیان ئەڵێتەوە. ئەگەر لەسەر جنێو و قسەی ناشرین خەڵک دادگایی بکرێت و حوکم بدرێت، ئەبێ ئەوان بە هۆی ئەو جنێوانەیان لە ڕادیۆکانیانەوە حوکمی چەند ساڵیان بەسەردا بدرێت؟ حوکمی خەڵک بەسەر ئەواندا چەند و چۆن بێت؟

بۆیە ئەو حوکمە و ئەو ڕەفتارەی پارتی پەیوەست نابێتەوە بەوەوە کە کەسێک جنێوی داوە. ئەکرا لەسەر ئەو قسانە د. کەمال سزای یاسایی وەربگرتایە و وەک ووڵاتانی پێشکەوتوو غەرامە بکرایە، نەک زیندانی. بەڵام دانی حوکمی 30 ساڵ بەسەریدا تەنها لەسەر دوو بابەت، حوکمێکی تەواو دیکتاتۆریانەیە و دژی ئازادی‌یە. ئەمە توندکردنەوەی هەنگاوەکانی پارتی‌یە بۆ بڕینی هەر دەنگ و نوزەیەک کە لە دژی خۆی بەرزبێتەوە. ئەوان لەگەڵ د. کەمالیان نی‌یە، ئەوان پەیامەکەیان بۆ هەر کەسێکە کە بیەوێت شتێک لەسەر ئەوان، و بنەماڵە و دەسەڵاتەکەیان بگرێت. ڕەخنەگرتن لە مستەفا بارزانی لای پارتی بەقەد ڕەخنەگرتن لە محمدی ئیسلام کراوە بە تابوو. ئەم تابووە ئەبێ تێک بشکێنرێت. ڕۆشنبیران و نووسەران پێویست ئەکات کە لەو پێناوەدا و بۆ داکۆکی لە ئازادی ڕادەربڕیندا بێنە دەنگ. نابێ ڕێگەبدەین ئەو مەسەلەیە هەروا تێبپەڕێ. ئازادی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن ئەبێ بە تەواوەتی ئازاد بێت. تابووکان ئەبێ بشکێنرێن.

22.12.2005